# ئازارەكانی مەسیح

نووسینی:موئەیەد مەحمود(كاردۆ)

میل گیبسن ئەكتەرو دەرهێنەرێكی بە توانایە.كاتێك میل بەشداری لە فلیمێك بكات چ وەك ئەكتەرو چ وەك دەرهێنەر ،بینەر چاوەڕوانییەكی باشی لەو فلیمە ئەبێت.ڕەنگە بە ناوهێنانی میل گیبسن فلیمی (دڵی ئازا)مان بێتەوە یاد كە گیبسن خۆی دەری هێناوەو هەر خۆشی ڕۆڵی پاڵەوانەكەی تیا بینیوە.ئەو فلیمە جگە لەوەی كە ڕەمزی بەرەنگار بوونەوەو پەیامی دژ بە پلە دوویی و چەوسانەوەی لە خۆ گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا تێكڕای پێكهاتەكانی فلیمەكە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو فلیمانەی دادەنێت كە بینەر ناكرێ باز بەسەر بینینیدا بدات.

دوافلیمی میل گیبسن( ئازارەكانی مەسیحە) ئەم فلیمە كە میل ساڵی 2004 دەری هێناوە توانی ریكۆردی بە دەست هێنانی زۆرترین داهات بشكێنێت، تەنانەت كەوتە پێش فلیمی (سەرگوزشتەی ئەلقەیەك) كە تازە هەمان ڕیكۆردی شكاندبوو.چی لە پشتی ئەم قەبوڵ كردنە جەماوەرییەدا هەبوو؟ بەرزی ئاستی تەكنیكی فلیمەكە یان بابەتەكە یان فاكتەری تر؟گومانی تیا نییە كە ئەو فلیمە لە قەوارەی خۆی زیاتری پێ درا، چونكە بە بەراورد كردنی لەگەڵ فلیمی (دڵی ئازا)كە نۆ ساڵ پێش ئەم فلیمە بەرهەم هێنراوە ئاستی زۆر لە خوارەوەیە چ وەك تەكنیك و چ وەك ناوەڕۆك .ڕاستە فلیمی ناوبراویش سەرنجی زۆرێك لە بینەرانی ڕاكێشا ،بەلاَم بە ئەندازەی ئازارەكانی مەسیح قەبوڵ نەكرا.دوو فاكتەری سەرەكی بایان بە باڵۆنی ئەم فلیمەدا كرد،یەكەم نارەزایەتی حاخامە یەهودییەكان بوو كە پێیان وابوو ئەم فلیمە یەهودییەكان بە كوشتنی مەسیح تاوانبار ئەكات، دووەمیشیان ناوەڕۆكی فلیمەكەیە كە دوایین دوانزە سەعاتی ژیانی مەسیح ئەگێڕێتەوە.فاكتەری یەكەم هەرایەكی ئیعلامی زۆر گەورەی نایەوە تا كار گەیشتە ئەوەی حاخامەكان داوا لە پاپای فاتیكان بكەن ئەو فلیمە ڕیسوا بكات ،ئەمە جگە لەوەی كە لە ناوەندی سیاسی و دینیشدا جەدەلێكی زۆری نایەوە، هەر ئەوەش بینەری بۆ بینینی فلیمەكە پەرۆش كرد.فاكتەری دووەم بابەتی فلیمەكەیە كە پاڵی بە مەسیحییەكانەوە نا بۆ بینینی ئەم فلیمە، هەروەها تێڕوانینی گیبسن لە ڕۆڵی یەهودییەكان لە لەخاچدانی مەسیحدا دیسانەوە پاڵپێوەنەرێكی گەورە بوو بۆ بینینی فلیمەكە، چونكە دركاندنی ئەو حەقیقەتە(حەقیقەت لە ڕوانگەی مەسیحییەكانەوە)كارێكی ئاسان نییە لە ژیانی ڕۆژانەدا، بگرە لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسیشەوە .گیبسن بەمە توانی لە بری دوو ملیار مەسیحی بێتە قسە.

لە كۆتاییدا ئەوە بڵێم كە لەگەڵ ئەوەی میل گیبسن تەواوی تواناییەكانی خۆی لەو فلیمەدا تواندۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێوانەكانی ئەمڕۆ بە قازانجی ئەم فلیمەدا ناشكێتەوە.

2005-5-15